# گۆرانیی تەوارەکان!

-1-

ئێمە لە ڕێگەی خۆرەوە هاتین
دەست بە مەشخەڵی ژن‌و خەباتین.
سڵ مەکەرەوەو بەرەو پێش برۆ
باوەش بگرەوە بۆ تیشکی ئاسۆ
ئەی گوڵێ، ئەی ژنێ، هاوارێ
دەبا مێ، هەردەم ئازاد بێ!.
تۆ وێنەی پاکی، شکۆی وڵاتی
پەلکە ڕەنگینەی کەلی ئاواتی
پڕی لە خۆزگەی بارانی بەهار
پڕی لە نەغمەی پاراوی هەوار
ئەی گوڵێ، ئەی ژنێ، هاوارێ
دەبا مێ، هەردەم ئازاد بێ.
ئێمە پەیامی ئاشتی‌و ئەوینین
لە ئیستەماندا، دواڕۆژ ئەبینین
ئاڵای کوردستان وا لە بەرگماندا
نێرگزی نەورۆز وا لە ڕەنگماندا
ئەی گوڵێ، ئەی ژنێ، هاوارێ
دەبا مێ، هەردەم ئازادبێ.
مرۆڤ‌و ژیان لە ئێمە زاوە
ئێمەین بنج‌و بێخ ئێمەین سەرچاوە
سەدەی بیست‌و یەك سەدەی گۆڕانە
گۆڕانی گەورەی هەموو جیهانە
ئەی گوڵێ، ئەی ژنێ، هاوارێ
دەبا مێ، هەردەم ئازاد بێ.
هەرچی مرۆڤی ئازادیخوازە
دروشمیان هەمان ڕەنگ‌و ڕێبازە
ژنانی کوردیش لەم کاروانەدا

بۆ مافی مرۆڤ هەمان بانگ ئەدا
ئەی گوڵێ، ئەی ژنێ، هاوارێ
دەبا مێ، هەردەم ئازاد بێ.
پیاویش باڵێکی تری ئێمەیە
بێ ئەو خەباتمان ڕەنگێکی نییە
بی منداڵانیش ژنان‌و پیاوان
مانایەك نادەن بە خۆشیی ژیان
ئەی گوڵێ، ئەی ژنێ، هاوارێ
دەبا مێ، هەردەم ئازاد بێ.

-2-

ژن مانگەشەوی ژینە
ڕووباری سەر زەمینە
مژدەی سپیی دنیایە
فریشتەکەی خودایە

★

دنیا بەوەوە جوانە
چەوساندنەوەی تاوانە
خۆشەیستیی ئەو نەبێ
گۆی زەوی تاریك ئەبێ

★

لێگەڕێن با ئەم سێوە
هەر بەر بگرێ بۆ ئێوە
گەر جوان تەماشای بکەن
باڵای ژنان ئاوێنەن.

★

ژنان شیعرن مۆسیقان
لەرەی شەپۆلی زەریان
گوڵی جوانی کێوانن
خەرمانەکەی ئاسمانن

★

پرچیان ڕەشبێ یاخود زەرد.
قەڵبەزەن بۆ هەموو عەرد.
ئەی ژنی ناو تاریکیی
بانگتان ئەکا ئازادیی
لەچكو چارشێو فڕێدەن
دەس لە شەوەزەنگ بەردەن
با کەزیی لەگەڵ بادا
سەمای خۆشبەختی بکا
با خۆرەتاو لە قژدا
ڕۆژی تازە دروستکا
ژن کانیاویی شاخە
بەرامەی گوڵەباخە
سنەوبەری نزارە
کەمانچەیەو گیتارە
گوڵدانە بۆ ڕووناکیی
شەماڵەو سینەپاکیی.
دایکە، خوشکە، دڵدارە
کۆتریشەو تەوارە.

-3-

ئەو ژنانە بیر ناچنەوە
بوونە زەنگی هەستانەوە.
بوونە ڕێبەری یەکەمین
لەسەر شەقامی ڕاپەڕین.
ئەی ژنێ، وەی ژنێ، ژنێ ژنێ
دەستو دڵی خۆتم بەرێ.
خۆشەویستیی لە هەر کوێ بێ
ئەبێ ژنیش، هەر لەوێ بێ.
مافی ژنو ئەم ژیانە

له یەکتری دانەبڕانە.
ئەی ژنێ، وەی ژنێ، ژنێ ژنێ
دەستو دڵی خۆتم بەرێ.
ماڤی مرۆڤو ماڤی ژن
له جیهاندا هەریەك شتن.
وەکوو ئاسمانو ئەستێرە
بە یەکەوەن لەوێو لێرە.
ئەی ژنێ، وەی ژنێ، ژنێ ژنێ
دەستو دڵی خۆتم بەرێ!.
ئێمە کێڵگەی بەر بارانین
گوڵەبەڕۆژەی چاوانین.
زەردەخەنەی لێوی بەفرین
باڵی تەڕی پەڵە هەورین.
ئەی ژنێ، وەی ژنێ، ژنێ ژنێ
دەستو دڵی خۆتم بەرێ!.
پێستمان ڕەشبێ، یاخود سپیی
ڕەنگێکین بۆ خۆشەویستیی.
له ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا
هەریەك ئامانج یەکمان ئەخا
ئەی ژنێ، وەی ژنێ، ژنێ ژنێ
دەستو دڵی خۆتم بەرێ.
دنیای تیرۆر، ڕق ئەڕوێنێ
لەگەڵ خۆیدا، خوێن ئەهێنێ
دنیای ئێمە، وەکوو شنە
نەرمەو بزەی لێبوردنە
ئەی ژنێ، وەی ژنێ، ژنێ ژنێ
دەستو دڵی خۆتم بەرێ.

-4-

سڵاو لە گیانی پاکی ژنانێ

بوونە ئەستێرەی بەرزی ئاسمانێ
قوربانیی تۆ زیندووی، لەبەرچاو ون نەبووی
چرای بەردەم هەر هەمووی
لەناو باراندا پرچت ئەبینین
لە وژەی بادا دەنگت ئەبیسین
قوربانیی تۆ زیندووی. لەبەرچاو ون نەبووی
چرای بەردەم هەر هەمووی.
بە یادی ئێوە هەمیشە مۆمدان
پڕن لە نووری یادەوەریتان.
ئەی ژنی قوربانیی، لە چاودای گلێنەی
تۆ مەحاڵە لەبیرچی!.
لەگەڵ هەڵاڵە ئێوە دێنەوە
بە سواری بای وەشت ئەگەڕێنەوە
قوربانیی تۆ زیندووی گۆرانیو سروودی
لەسەر زاری ئازادیی.
وا دەستە دەستە کەوتوونە ڕێگا
ئەم کاروانەمان بە مەنزڵ ئەگا
ئەی ژنی پڕ سامالْ، ئەی ژنی گوڵی سالْ
شەفەقیتو ڕەنگت ئالْ.
لەناو گوندا بێ، یان لەناو شاردا
لەسەر شاخان بێ، یان لە نزاردا
ئەی ژنی قوربانیی، تۆ هەردەم لامانی
هەتاوی ناو ماڵمانی.
وەختێ کە سووتای تۆ پەروانە بووی
عاشقی گەورەی ئەم ژیانە بووی
پەروانەی قوربانیی، سڵاوی بەیانیی
بۆ پەیامی ئینسانیی.

-5-

**ڕوومان کردۆتە ئاینده**

ئازادیی
هەر تۆی دڵو هەر تۆی دیدە
ئازادیی.
تۆی ئاوێنەی دەم بە خەندە
ئازادیی.
ئازادیی. هەی ئازادیی. وەرە ئازادیی
ئامادەیە ڕۆح بۆ تۆ بێ. ئازادیی.
ئەزانین سەختەو دژوارە
تێکۆشان
هەورازە ڕێو چقڵو دڕکە
ڕێگەوبان
دوژمن زۆرەو ڕەنگە دووربێ
بەربەیان
ئازادیی هەی ئازادیی. وەرە ئازادیی
ئامادەیە ڕۆح بۆ تۆ بێ ئازادیی.
ئەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی
ناو شەوگار
هەموو لە ماڵ وەرنە دەرێ
بۆ ناو کار
بۆ بەرهەمی کارگەو کێڵگەی
لادێو شار
ئازادیی. هەی ئازادیی. وەرە ئازادیی
ئامادەیە ڕۆح بۆ تۆبێ ئازادیی.
گەرچی دنیا، پڕ پیاوکوژە
بۆ جوانیی
پڕ لە جەنگەو پڕ بڕینە
بۆ ئاشتیی
بەڵام هەرگیز چۆك دانادا
ئازادیی.
ئازادیی، هەی ئازادیی، وەرە ئازادیی

ئامادەیە ڕۆح بۆ تۆ بێ ئازادیی.
با کلتووری ڕەنگاوڕەنگمان
تێکەڵ کەین
لەو ڕەنگانە ژیانێ نوێ
دروستکەین
بە هەمووومان، ئەم جیهانە
خۆشتر کەین.
ئازادیی هەی ئازادیی وەرە ئازادیی
ئامادەیە ڕۆح بۆ تۆ بێ ئازادیی.
پشتمان بگرن ئەی پیاوانی
بیر ڕۆشن
هێزی هەقو پەیژەکانی
سەرکەوتن.
دەست لێك بەردەین، هەردوو لامان
ئەکەوین
ئازادیی هەی ئازادی وەرە ئازادیی
ئامادەیە ڕۆح بۆ تۆ بێ ئازادیی.
لە دوورەوە، ئازادیی دێو
ئەیبینین
ئاشتی دێتو تۆوی گوڵ دێو
ئەیچێنین
هەرگیز هەرگیز واز لە مافمان
ناهێنین
ئازادیی. هەی ئازادیی. وەرە ئازادیی
ئامادەیە ڕۆح بۆ تۆ بێ ئازادیی!